# مێژوویەکی ئافرەتان

## دکتۆر ئەحمەد میراودەلی

### بەشی حەوتەم

### ئاین و جێندەر 2

### ئاینی ڕۆم و جێندەر

ڕۆم : کولتووری ئەسینی هەڵلووشی؛ خودا و پەرستگەکانی گریکی دزی ، هونەری کریک ، بەتایبەتیش پەیکەرتاشییەکەیانیشی وەرگرتن . لە هەمان کاتیشدا خوو و ڕەوشتی ئەسینیەکانیان دەربارەی نێرینەیی و ئافرەتەوە هەڵگرتەوە کە ڕەنگە پێشتریش هاوبەشییەکیان هەبوبێت . ئەفسانە ڕەسەنەکانی ئەوانیش رقبوونەویان لە ئافرەت تێیدا بەدی دەکرێت . بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا، ڕۆم ، لە کولتوورەکەیدا هێندێک لە مافەکانی ئافرەتی پاراسستووە . دوو ئەفسانەی جیاواز دەربارەی سەرهەڵدانی دەسەلاتی ڕۆم هەیە ، یەکێکیان دۆزینەوەی شاری ڕۆم دەگێڕێتەوە بۆ برایانی ، ڕۆمولوس و ڕێموس ، وەلێ پالەوانی سەرەکی داستانەکە ، ئیلیای دایکیانە . ئەفسانەکەی دیکەشیان هاوشێوەی "سایکۆماچیا / نەخۆشی دەروونی پیاوییێتی" ەکەی گریکە کە بنەمای دۆزینەوەی ڕۆم دەگێڕێتەوە بۆ زەوتکردنی ئافرەت . بەپێی ئەو ئەفسانەیە ( کۆمەڵێک پیاوی چەتە لە ناوچەی ئالبا هێرش دەبەنە سەر سابینییەکانی هاوسێیان و ئافرەتەکانیان دەرفێنن و بە پێی یاسای"

کۆنفەڕێیاتیۆ " کە مانای هاوبەشی نمەک دەگەیێنێت مارەیان دەکەن . دواتر وشەکە ، کۆنفەڕییاتیۆ ، گۆڕاوە و بووەتە مارەبڕین .

وەک دەرکەوتووە لە نیوە دوورگەی ئیتالیادا لە سەردەمی بەردینەوە و بۆ هەزاران ساڵ خەڵکی ئەورووپایی ، باکووری ئافریکا و دەوروبەری دەریای سپی لێی نیشتەجێ بوون . بەهۆی ئەو کەلوپەلانەی دۆزراونەوە و سەردەمیان دەگەڕێتەوە بۆ سەتەی شەشەمی پیش سەردەم، جۆرە خواوەندێکی مێینەیان پەرستووە . لە سەتەی هەشتەمی پێش سەردەمەوە لە توسکانیا " ئیترووسکان"ە کان نیشتەجێ بوون و بازرگانییان لەگەڵ رۆژهەڵاتدا کردووە . کۆمەڵگەکەیان ماتریلینی بووە و هەموو منداڵەکانیان هاوتای یەک پەروەردە کردووە، ژن و مێرد هاوبەشی ژیانی سۆشیالی یەکدی بوون . خەڵکی ئیتالی لە سەتەی هەشتەمی پێش سەردەمەوە لە شاری رۆم و دەوروبەری نیشتەجێ بوون ، دوو سەتە دواتر ئیترووسکانەکانیان لاداوە و رژێمێکی کۆمارییان پێک هێناوە ، پاساوی ئەو شەڕەشیان بۆ زەوتکردنی ژنێکی داوێنپاکی رۆم بە ناوی" لوکرێتیا" لە لایەن ئیترووسکانەکانەوە داوەتەوە. ............ مێرلین فرێنچ بەرگی یەکەم ل 212

## سەردەمی رۆم

سەردەمی رۆم دەکرێت بە دوو بەشەوە، سەردەمی کۆماریی لە نزیکەی 300 – 30 پێش سەردەم و سەردەمی ئیمپراتۆری لە 30 پێش سەردەمەوە هەتا 500 ی سەردەم .

### کۆماری رۆم

لە سەردەمی زووی خۆیدا ، رۆم؛ رژێمێکی ئەریستۆکراتی بووە ، دوای دامەزراندنی کۆمار دەسەڵات لە دەستی خاوەن زەوییەکاندابووە . بە بیانووی ئەوەی کە باجیان لێ وەرناگرن خەڵکە هەژارەکەیان لە دەسەڵات بێبەری کردووە . لەخوار چینی خانەدانانەوە ، چینی نێوەند لە بازرگان ، خاوەن زەوی بچووک و پێشەساز ، بەتایبەتی درووستکەری چەک ، ریزەکانی سوپایان پڕکردۆتەوە . بەشە زۆرە هەژار و کۆیلەکانی کارکەری خاوەن زەوییە گەورەکان ، زۆر نامرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. هەتا ئەو کاتەی بڕشتیان هەبووبێت بەکار هێنراون و دواتریش فرۆشراون بە خاوەن چاڵە کانزاکان کە بارودۆخ تێیاندا لە کێڵگەکان زۆر خراپتر بووە . رۆمەکان وڵاتە داگیرکراوەکانیان کردۆتە کۆلۆنی و هەموو مافێکیان لە دانیشتووەکانی زەوت کردووە و یاسای رۆمیان بەسەردا سەپاندوون . بەڵام بە پێچەوانەی گریکەکانەوە ، لە رۆمدا ، خێزان کرۆکی کۆمەڵگە بووە و لەناو خێزاندا ئافرەت دەستڕۆیشتوو بووە . مێژووی هەرە دێرینی رۆم باسی دلێری ئافرەتی ئەریستۆکراتی رۆم دەکات کە چۆن شاری خوداکانیان پاراستووە . زۆر جاران نەریتی " پاکیزەکانی ڤێستا " دەگێڕنەوە بۆ " رێهیا سیلڤیا "کە پێشنیازی ئەوەمان بۆ دەکات پتشتر کۆمەڵگەکەیان زیاتر ماتریلینی بووبێت .

........... مێرلین فرێنچ بەرگی یەکەم ل 221

خێزانی رۆم ، باوک و باپیرانی خۆیانیان پەرستووە ، لەبەر ئەوە دامەزراندنی پەرستگەی ڤێستا و پەرستنی بە کۆمەڵ ، وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ دڵسۆزی بۆ دەوڵەت لێکدانەوەی بۆ کراوە . بۆ ئاگاداری ئاگرە پیرۆزەکەی پەرستگەی ڤێستا شەش کچی لاو هەڵبژێردراون هەتا تەمەنی سی ساڵی خزمەت بکەن و مەرجیش بووە داوێن پاک بن ، دوای ئەو تەمەنە خانەنشین کراون و ژیانی ئاساییان بردۆتە سەر ، وەک هێندێک پەرستگەی شوێنی دیکە نەکراونەتە قوربانی . بەڵام رۆمەکانیش وەک گریکەکان پێناسەی

ئافرەتیان بە - بێ مێشک ، لاوا ز، مێشکپووتی جێژی سێکس سەیرکردووە و بە درێژایی ژیانیان لەژێر چاودێریدا بوون . لە رۆمیش باوک بڕیاری لەسەر مانەوەی کچی ساوا داوە، باوک دەسەڵاتی رەهای بەسەر خیزانەکەیدا هەبووە ، دەسەڵاتی مردن و ژیان ، دەسەڵاتی سزادان بە کوشتن و بە کۆیلەکردنیشەوە . ئافرەتی مێرددار ، لەژێر دەسەڵاتی مێردەکەیدا بووە ، ئەگەر ئافرەتێک باوک یان مێردی نەبووبێت ، چاودێرێکی بۆ دیار کراوە ، لەم رووەوە ئافرەتی رۆم لە ئافرەتی ئەسین زیاتر ژیانی لە مەترسیدا بووە لەبەر ئەوەی پیاوی ئەسین مافی کوشتنی ئافرەتی نەبووە. لە تۆمارکراوەکانی ئەسیندا ، ناوی ئافرەت ناکەوێتە بەر چاو ، وەلێ ئافرەتی رۆم بە هیچ شێوەیەک ناوی نەبووە ، بەڵکو تەنها ئاماژەی بۆ کراوە . بۆ نموونە "جولیا " ئافرەتێکە کە "جولیۆس" خاوەنیەتی ، کۆڕنیلیا ئافرەتێکە کە کۆڕنیلۆس خاوەنیەتی . ئەگەر پیاوێک جولیۆس بە نموونە دوو کچی هەبوایە ئەوا وەک جولیای یەکەم و دووهەم و .... هتد ناویان براوە . کوڕیش لەژێر دەسەڵاتی باوکیدا بووە ، ئەگەر باوکێک مردبێت ، کچەکانی و کوڕە لاوەکەی بوونەتە ملکی بەتەمەنترین مام یان برایان کە دەسەڵاتی کوشتن و فرۆشتنیانی هەبووە . ئەوەی ئاشکرایە لەسەردەمی کۆماریی رۆمدا ئافرەت بە هیچ شێوەیەک ئازادی نەدیوە ، وەلێ بە پێی کات ، یاساکان گۆرانیان تێدا کراوە و لە سەتەی سێهەمی پێش سەردەمدا هێندێک کچە دەوڵەمەند فێری خوێندن کراون سەتەیەکیش دواتر کچانی هاو وڵاتی سادەش دەستیان داوەتە خوێندن . لە راستیدا زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر ژیانی ئافرەتی رۆمی سەردەمی کۆماری لەبەر دەستدا نییە ، ئەوەی باسێشمان کرد ، شتێکی ئەوتۆ نییە و زیاتر لە ژیانی چینی دەوڵەمەندەوەوە وەگیراو ە.

هەتا دەستپێکردنی سەردەمی نوێ ، رۆم ، هەر لە شەڕوشۆڕ و داگیرکاریدا بوو ، رۆم ؛ گریک ، ئاسیای بچووک ، میسر ، بەشێکی

زۆری ئـــەورووپا و پەریتانیاشـــی داگیـــر کـــرد. ئـــەو داگیرکـــاری و شـــەڕانە پێویســـتی بـــە داهـــاتێکی گـــەورەبوو ، لەبەر ئەوەش هـــەتا دەهـــات بـــاج زیـــاد دەکـــرا ، لـــە ســـەرەتاوە ئەوانـــەی دەبوونـــە ســـەرباز خـــاوەن زەوی بچـــووک و نێوەنجییـــەکان بـــوون کـــە زەویـــەکانیان بەســـەر کۆیلەکانیانـــدا بـــەجێ دەهێشـــت و دواتـــر دەگەڕانـــەوە ســـەر وێرانەیـــەک و لـــە ناچاریـــدا دەیانفرۆشـــتە خـــاوەن زەویـــە گـــەورەکان و روویـــان دەکـــردە نـــاو شـــار بـــۆ پەیـــدا کردنـــی بژێـــوی ، ئیـــدی حـــاڵ گەیشـــتە ســـەرهەڵدانی کۆمـــەڵی چەتـــە و ڕێگـــر و شـــەڕی نـــاوخۆ . لـــە کۆتاییـــدا هێنـــدێک جەنـــەڕاڵی ســـوپای وەک – ســـولا ، پـــۆمپێی و ســـیزەر ، دەســـتیان بەســـەر حکومەتـــدا گـــرت ، لـــە ســـەرەتاوە ســـیزەر بـــۆ دەســـاڵ جـــاڕی دیکتـــاورێتی خـــۆی داو دوای دەساڵەکەش بۆ درێژایی ژیانی.

## ئیمپڕاتۆریای ڕۆم و جێندەر

دوای تێرۆرکردنـــی ســـیزەر/ قەیســـەر ، لەســـەر دەســـەڵات ســـەرکردەکانی ســـوپا کەوتنـــە پێکـــدادان و لـــە ئەنجامـــدا ئۆکتێڤیـــۆس خـــۆی ســـەپاند ، بـــەڵام وی؛ پێویســـتیی بـــە ڕەوایـــی پێگەکـــەی هـــەبوو ، لەپێشـــەوە ســـیناتۆرەکانی ناچـــار کـــرد بـــەجێیی بە دەســـەڵاتی بـــدەن و ســـاڵی 42 ی ســـەردەم جـــاڕی خـــودایێتی خـــوی دا، قەیســـەر بـــوو بـــە کـــوڕی خـــودا . ئـــەو یاســـاکانی نـــەگۆڕی بـــەڵام گوێشـــی بـــە یاســـا نـــەدەدا و بـــە ویســـتی خـــۆی حـــوکمڕانی دەکـــرد . بـــۆ دڵدانـــەوەی هـــاو وڵاتیـــان بەخشـــینەوەی بەســـەریاندا زیـــاد کـــرد ، بـــۆ ڕاکێشـــانی دڵـــی چینـــی بـــۆرژوا و لـــەناوبردنی سیســـتێمی ئەریستۆکراســـی ، ڕێگـــەی بـــە فرۆشـــتنی مڵـــک دا بـــۆ دانـــەوەی قـــەرز ، بـــۆ ئـــەوەی لـــە دەســـەڵاتی هێـــزی ســـەربازیش کـــەم بکاتـــەوە ، چـــوار ڕێکخـــراوی پۆلیســـی جیـــاوازی دامەزرانـــد بـــۆ ســـیخوڕیکردن لەســـەر یـــەک و بەســـەر هـــاو وڵاتیانیشـــەوە . هەرچەنـــدە ئۆکتێڤیـــۆس دەیگـــوت لـــە هـــەوڵی پاککردنـــەوەی کۆمەڵگـــە و گێڕانـــەوەی مۆڕاڵـــە جوانـــەکانی ڕۆژانـــی کۆنـــە ، وەلـــێ کۆمەڵگەکـــە بـــەهۆی شـــەڕ و نـــەداری و دوودڵـــی پیـــاوان لـــە

هاوســـەرگیری کـــە بەشـــێکی بـــە هـــۆی بـــەربڵاوی هۆمۆسێکســـوالێتییەوە بـــوو ، وزەیـــان لـــێ بڕابـــوو . لـــەو بڕوایـــەوە کـــە کرۆکـــی خێزانـــداری لەگـــەڵ مانـــەوەی سیســـتێمی ئەریستۆکڕاســـیدا نییـــە ، ئۆکتێڤیـــۆس ، چەنـــد یاســـایەکی نـــوێی خێزانـــی دەرکـــرد ، لـــەو یاســـایانەدا ژنهێنـــانی ســـەپاندووە بەســـەر پیاوانـــدا ، خـــەڵاتی ئەوانـــەی کـــردووە ســـێ منـــداڵیان بـــووە ، ئـــەو ئافرەتـــە کۆیلانـــەی ئـــازاد کـــردووە کـــە چـــوار منـــداڵیان بـــووە ، هاوســـەرگیری نێـــوان جێنـــەکانی کۆمەڵگـــەی یاســـاخ کـــردووە و گـــزی جنســـی ئـــافرەتیش لـــە هاوســـەرەکەی/ زینـــا ، کراوەتـــە تـــاوان بەرامبـــەر دەوڵـــەت . هـــەر بـــە پێـــی ئـــەو یاســـا نوێیانـــە ئـــافرەت بـــۆی نـــەبووە لەســـەر هـــەمان گـــزی شـــکات لـــە مێردەکـــەی بکـــات ، بـــەڵام ئەگـــەر مێـــرد هاوســـەرەکەی لەســـەر گـــزی زاینـــدەیی/ جنســـی نەدابێتـــە دادگـــا ، ئـــەوا بۆخـــۆی بـــە تاوانی گەوادی دراوەتە دادگا و سزا دراوە .

ئۆکتێڤیـــۆس؛ فـــەرمانی داوە بـــە هـــەردووک هۆزانڤـــانی ســـەردەمی خـــۆی" ڤیرجیـــل و هـــۆڕەیس" کـــە بەئاســـتی ژیـــانی ڕۆم و بـــە شـــانوباڵی ئەویشـــدا وەک ئیمپڕاتـــۆرێکی پاڵـــەوانی ئـــافرەت شـــکێن " کلیۆپـــاترا " هەڵبـــدەن . ئـــەو پێگـــە بـــەهێزەی ئـــافرەتی ڕۆم هـــەیبوو ، وردە وردە لەگـــەڵ گـــۆڕانی تێڕوانینـــی پیـــاوی ڕۆمـــدا بـــۆ ئـــافرەت لـــە وێناکردنییـــەوە وەک خانزادەیـــەکی پاڵـــەوان گـــۆڕا بـــۆ ، ژن - ژنێکـــی نموونـــەیی/ ئیـــدیاڵ بـــەڵام بـــە پێوانـــەی پاتریـــارکی؛ بێـــدەنگێکی دڵســـۆز بـــۆ مێـــرد و دەوڵـــەت . بایۆگراگیـــای ئافرەتـــانی ئـــەو ســـەردەمانە ، ئەوانـــە بـــە ئـــافرەتی ئیـــدیاڵ دەزانـــن کـــە بـــۆ کەســـانی دیکـــە ژیـــابن . ئـــافرەتی وەک " پۆرشـــیا Portia " کـــە لـــە ســـەرەمەرگی مێردەکەیـــدا بڕوتـــوس Brutus، پشـــکۆی قـــووت دا، ئـــافرەتی وەک ئۆکتاڤیـــا کـــە ڕێگـــەی دا ئۆکتێڤیۆســـی بـــرای بـــۆ بەرژەوەنـــدی خـــۆی لـــە ئـــەنتۆنی مارەبکـــات کـــە دوایـــش ئـــەو بـــۆ خـــاتری کلیۆپـــاترا بـــەجێی هێشـــت . نووســـەرانی ڕۆم ڕێزیـــان نـــاوە لـــە ئـــافرەتی" یـــونیڤیرا univira" بـــە واتـــای ئـــەو ئافرەتـــەی کـــە تـــەنها دڵســـۆزی یـــەک پیـــاو بـــووە و لـــە ســـەرەمەرگی مێردەکەیـــدا خـــۆی کوشـــتووە . ئـــافرەتێکیش

ویســـــتبێتی کەســـــایێتی خـــــۆی بپارێزێـــــت ، پێیـــــان گوتـــــووە دەم پـــیس و دوژمنی دەوڵەت .

لە وڵاتـــی رۆمـــدا؛ ناوبـــەناو ئـــافرەتی خـــاوەن دەســـەڵات و بـــە توانـــا هـــەبوون وەک"لیڤیـــا" ی ژنـــی ئۆکتێڤیـــۆس ، وەلـــی دەســـەڵاتەکەیان هـــەر لـــە رێگـــەی پیاوێکـــەوە بـــووە ، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا کـــە لیڤیـــا لەپشـــت پـــەردەوە لەگـــەڵ مێردەکـــەی هاوبەشـــی حـــوکمڕانی رۆم بـــوو ، وەلـــێ هـــیچ کـــات رێگـــەی پێنـــەدراوە بچێتـــە نـــاو دیـــوانی ســـیێاتۆرەکانەوە . جگـــە لـــەوەش ئۆکتێڤیـــۆس هـــەتا نەگەیشـــتە ســـەرە مـــەرگ وەک ئەنـــدامێکی خێزانەکـــەی قبـــووڵی نـــەکردبوو . دواتـــر تایبیریۆســـی کـــوڕی نازنـــاوی" ماتـــەر پاتریـــا "ی لـــە دیـــوانی پیـــران / ســـێنات بـــۆ وەرگـــرت و کورەزاکەشی ناوی نا " بانوخودا".

راســـتییەکی مێژوویـــی بـــەرچاو و ئاشـــکرا هەیـــە دەربـــارەی ئـــافرەتی رۆم کـــە جێگـــەی پرســـیارە ، ئـــەویش ئەوەیـــە کـــە لەکاتێکـــدا لـــە کۆمەڵگـــەکانی چـــین ، ژاپـــۆن ، ئەســـین ، بـــەپێی یاســـا و رەوشـــتی پیاوانـــەوە ئـــافرەت تـــەواو ژێردەســـتە بـــووە ، وەلـــێ لەســـەتەکانی دواتریشـــدا ، ئـــافرەتی رۆم یاریـــدەی بـــەڕێوەبردنی دەوڵـــەتی داوە و جـــاریش هەبـــووە بەڕێیانـــەوە بـــردووە . لەبـــەر ئـــەوەی هـــیچ یاســـایەک نـــەبووە ســـنوورێک بـــۆ حوکمڕانـــەکان دابنێـــت ، زۆریـــان بـــەرەڵا و حولحـــولی بـــوون ، هەشـــیان بـــوو ، شـــێت بـــوو . بـــۆ نموونـــە ، نیـــرۆ ، شـــەوان لاشـــەی هەڵواســـراوی مەســـیحییەکانی لـــە باخچەکەیـــدا ســـووتاندووە بـــۆ ئـــەوەی روونـــاکی بکاتـــەوە ، ئـــافرەتی مەســـیحی ناچـــار کـــردووە دیمـــەنی سەرنجراکێشـــی بـــێ ئـــابڕووی ســـادی پیشـــان بـــدەن . کـــەچی لەگـــەڵ ئەوەشـــدا مێژوونووســـانی رۆم لـــە ســـەردەمی" تاســـیتوس و ســـویتۆنیوس" ەوە ئۆبـــــاڵی درنـــــدەیی و دڵرەقـــــی حـــــوکمڕان و داروخـــــانی ئیمپراتۆرییەکـــە دەخەنـــە ملـــی ئافرەتـــانی وەک لیڤیـــا کـــە گوایـــە بـــۆ خـــاتری ئـــەوەی کوڕەکـــەی ببێتـــە ئیمپراتـــۆر ، هـــەموو خزمـــەکانی دیکـــەی

لــــەناو بـــردووه ، هـــەر یـــەک لـــە ئافرەتـــە ناودارەکـــانی وەک ئاگریپپینـــا ، کـــالیگولا و مێســـالینای ژنـــی ســـێهەمی کلاودیـــۆس بـــەشـــێوەیەک تاوانبـــار دەکەن .

ئیمپڕاتۆرەکـــانی رۆم ؛ یـــەک لـــە دوای یـــەک ویســـتوویانە لـــە رێگـــەی زیـــادکردنی دەســـەڵاتی پیـــاوەوە بەســـەر ئـــافرەت دا ئیمپڕاتۆرییەکـــە بـــەهێز بکـــەن . یاســـا دەســـەڵاتی بـــاوکی بەســـەر کچەکەیـــدا گواســـتۆتەوە بـــۆ مێردەکـــەی و هـــانی نـــەوە خســـتنەوەی داوە ، کـــەچی رێگـــر نـــەبووە لـــەوەی بـــاوک منداڵـــە ســـاواکەی لەســـەرە رێگـــا بـــەجێ بهێڵێـــت . یاســـا . رێگـــەی بـــە پیـــاو داوە دۆســـتی لـــە چینێکـــی خـــوارتر لـــەوەی خـــۆی هـــەبێت ، بـــەڵام ئـــافرەت تاوانبـــارکراوە بـــەوەی کـــە ســـووکایێتی بـــە ملـــی چێنەکەیـــدا دێنێـــت ئەگـــەر پێوەنـــدی لەگـــەڵ پیـــاوێکی خـــوار چێنـــی خـــۆی بەســـتبێت ، سزاشـــی ئەگـــەر نەکرابێتـــە کۆیلـــە زەوتکردنـــی ئازادییەکـــەی بـــووە . وەلـــێ مێژوونووســـان ئـــەوەمان بـــۆ دەردەخـــەن کـــە بـــۆ مـــاوەی ســـەتەیەک " ســـەتەی دووهـــەمی ســـەردەم " کـــە پێـــنج ئیمپڕاتـــۆر حوکمیـــان کـــردووە و ئـــافرەت باڵادەســـتبووە لـــە حوکمڕانیـــدا ئیمپڕاتۆریـــای رۆمیـــان لـــە ئاشـــتیدا هێشـــتۆتەوە ، ئـــافرەتی وەک پلۆتینـــای هاوســـەری تڕایـــان ، هـــەروەها مارســـینای خوشـــکی و ماتیـــدیای پـــووری کـــە یاریـــدەیان داوە لـــە بەڕێوەبەرایێتی دەوڵەت دا .

پلۆتینـــا ، فیلۆســـۆفێکی ئیپیکـــووری بـــووە ، دوای مردنـــی تڕایـــان فـــەرمانێکی شـــاهانەی بـــەناوی خۆیـــەوە دەرکـــردوە و بـــەپێی ئـــەو فەرمانـــە " هێدریـــەن"ی هەڵگرتۆتـــەوە - تەبـــەننی کـــردوە . هێدریـــەنیش ســـابینای کچـــی ماتیدیاســـی مـــارەکردووە و بـــۆ هـــەموو شـــوێنێک وەک راوێژکارێـــک نـــەک وەک هاوســـەرێک ، لەگـــەڵ خۆیـــدا بردوویێتـــی " . لەبـــەر ئـــەوەی زۆرینـــەی ئیمپڕاتۆرەکـــانی رۆم هۆمۆسێکســـوال بـــوون ". جێگـــەی سەرســـووڕمانە کـــە لەگـــەڵ ئـــەو هـــەموو هەوڵانـــەی پیـــاوی رۆم

داوییێتی بۆ ملکەچکردنی ئافرەت کەچی ئافرەتی رۆم توانیوییێتی لە پێگەیەکی باشدا خۆی راگرێت و ملکەچی هەموو شتێکی پیاو نەبێت .

لە سەتەی سێهەمی سەردەمدا ، لەململانێ ناوخۆکاندا ، میلیتار ، سێپتیمیوس سەرکەوتنی بەدەست هێنا . سێپتیمیوس ، پشت ئەستوور بوو بە چەند ئافرەتێکی خزمی بەهێزی وەک جولیای هاوسەری ، مایسای خۆشکی و سۆیمیاسی خوشکەزای کە لەو سەردەمەدا بەتەواوی بالادەست بوون . جولیا کە فیلۆسۆفیش بووە هەموو ئەوانەی لەناوبردووە کە ململانێی دەسەڵاتیان لەگەڵدا کردووە ، کوڕێکی خۆیشی کوشتووە کە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی داوە و کوڕێکی دیکەی ملکەچی کە ناوی" کاڕاکالا " بووە کردۆتە ئیمپڕاتۆر و دوای مردنی سێپتیمیوس بە ناوی کاڕاکالاوە فەرمانڕەوایی کردووە . کاتێک کاڕاکالاش مردووە . مایسا لەجیاتی" ئیلاگابولوس" ی کچەزای سەرکردایێتی سوپای گرتۆتە دەست . لەکاتی شەڕەکانیشدا کاتێک سوپای رۆم رووی لە هەڵاتن بووە ، مایسا وسۆیمیاس بە کاریۆتەکانیانەوە/ عەرەبانەی شەڕکردن، لەبەردەمیاندا وەستاون و پێشیان کەوتوون بۆ سەرکەوتن . ئەوەبوو سۆیمیاس بۆ یەکەم جار بوو بە ئەندامی دیوانی پیرانی رۆم بە توانای دەرکردنی بڕیاریشەوە . بەڵام دەسەڵاتی ئەم ئافرەتانە دەسەڵاتی کەسی بووە ، دەسەڵاتێک نەبووە وەک ئەوەی پیاوان بگوێزرێتەوە بۆ نەوەکانیان . ئەو ئافرەتانەی سەرەوە باسمان کردن دەبێ زۆر لێهاتوو و بلیمەت بووبن بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست ، وەلێ دەستکەوتەکانیان نەبووە هۆی بەشداری ئافرەت لە دەزگای حکمڕانی رۆمدا . ئافرەتە دەسەڵاتدارەکانی رۆم بایەخیان بە مافی ئافرەت نەداوە وەک توێژێکی کۆمەڵگە ، ئافرەتی ئاسایی رۆم رێگەی نەدراوە دەنگ بدات ، بیرۆیەک بەڕێوەبەرێت ، دادوەربێت ، بگرە مافی سەرپەرشتکاری منداڵەکانی خۆیشی نەبووە هەتا سەتەی شەشەمی سەردەم کە بە سەردەمی جوستینی ناسراوە لە مێژووی

ڕۆمدا. بەڵام ئافرەتی ئاسایی و کۆیلە و چینی هەژار ، لەکاتی شەڕ و خۆشیشدا هەموو جۆرە ئیشێکیان ڕەچاو کردووە بۆ ئەوەی بژێوی خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن .

## مەسیحاێتی

یەکێک لەو ناوچانەی ئیمپڕاتۆریای ڕۆم داگیری کرد ناوچەی جودێیا بوو کە "ئۆرشەلیم "یش بەشێک بوو لێی . جودێیا ناوچەیەکی پڕ کێشەی سیاسی و ئاینی بوو لەنێوان دوو بەرەی جوولەکەدا. بەرەی سادووسی کە دەستەی ئاینی بوون ، سەقامگیری و تەباییان بە هەند وەردەگرت و هاوکاری ڕۆمەکان بوون ، لەسەروو هەموو شتێکیشەوە دەیانویست لە دەسەڵاتدا بمێننەوە . بەرەی دووهەمیش" فاریسی – Pharisees " یەکان بوون کە دژی داگیرکاریی بیانی بوون ، بەرەنگاری ڕۆم بوونەوە و لەو بڕوایەدا بوون کە ڕزگارکەرێک/ مەسایا- messiah، دێت و ڕزگاریان دەکات . هەردووک لایەنیش بڕوایان وەهابوو کە نەریتی ئاینی ڕێگەی ڕزگاربوونە . وەلێ فیلۆسۆفیایەکی جیاوازیان هەبوو .

دوای مردنی ئیمپڕاتۆری ڕۆم ، ئۆکتاڤیوس ، تابیریوس جێگەی گرتەوە ، هەر لەو سەردەمەشدا نامەبەرێکی جوولەکەی ناوچەی" گالیلێ " بەناوی عیسا / ئیسوس- Jesus" ناوبانگی دەرکرد و خەڵکێکی زۆری شوێن کەوت. عیسا نەیدەویست دەسەڵات بورووژێنێت، ئەو دەیگوت دەوڵەت و ئاین دوو شتی جیاوازن و نابێت تێکەڵ بکرێن ، بەڵام بەڵێنی ڕزگاری هەموو کەسی دەدا بێ جیاوازی پلەوپایە و سامان . لەو سەردەمەدا تەنها پیاوە دەوڵەمەندەکان هاتوچۆی کڵێسایان دەکرد و پەلەور و ئاژەڵی بچووکیان دەکڕی و دەیانکردە نەزر . مالوومەکانیش دەیانگوت ئەو نەریتە دەبێ بمێنێتەوە ، نەریتەکەش تەنها ڕزگارکردنی دەوڵەمەندەکانی دەگرتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا کە عیسا لەگەڵ مانەوەی نەریتی فاریسییەکاندا نەبوو وەلێ وەک ئەوان

بڕوای بە زیندووبوونەوە، فریشتە و ڕەوان هەبوو . ئیلیتی ئاینکار" سادووسی Sadducees " یەکان دژی ئەو بۆچوونانە دەوەستانەوە و مەسیحیان بە هەڕەشەیەکی گەورە دەزانی لەسەر خۆیان ، وەک دەشزانین زوو بەکوشتیان دا .

بە بڕوای خودی مەسیح ئافرەت و هەژار و کۆیلەش گرنگن و شایانی ڕزگاربوونن ، ئەمەش بڕوایەک بووە کە کڵێسا و دەوڵەت هەمیشە بەرەنگاری دەبووەوە . زۆر جار پڕوپاگەندەی ئەوە بۆ مەسیح کراوە کە خۆی نزمکردۆتەوە ئاستی ئافرەتێکی بێ ڕەوشت ، وەلێ ئەو هەمیشە مامەڵەی هەردووک جنسەکەی وەک یەک کردووە ، وەک کەسانێک کە شایانی ڕزگاربوونن . لە ڕاستیشدا یەکەمین جار باسی سرووش بۆ هاتنی لەلای ئافرەتێک درکاندووە . ئافرەتێکیشی لە بەردباران ڕزگار کردووە کە تاوانبار کرابوو بە سۆزانی . پێنج ئافرەتیش ( مێری ، مێری مەگدەلە ، جۆئانا ، سوزانا و سالۆمی) هەموو کات لەگەڵی بوون . زۆر ئافرەتی دەوڵەمەندیش یاریدەی دارایی موریدە نزیکەکانیانی داوە . کاتێکیش لەخاچیاندا ، ئەو پیاوانەی دوای کەوتبوون هەڵاتن ، بەڵام ئافرەتە بڕوادارەکانی مانەوە و لەبەر خاچەکەیدا نوێژیان بۆ دەکرد . ئافرەتان دەورێکی گەورەیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی نامەکەی مەسیحدا ، لە کۆی 36 کەسدا کە کڵێسایان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکهێنا و پێوەندییان بە " پاوڵ" ەوە هەبووە شازدەیان ئافرەت بوون . پاوڵ نووسیویێتی ( نە جوولەکە هەیە نە یۆنانی ، نە ئازاد هەیە نە کۆیلە، نە نێر هەیە نە مێ، لەبەر ئەوەی ئێوە هەمووتان لەبەرچاوی مەسیحدا یەکن .) وەلێ ئەوانەی دوای نامەکەی کەوتبوون و گوتە و ژیانی مەسیحیان نووسیەوە" 75 – 100" ی سەردەم ، وەک ئەو ئافرەتیان قبووڵ نەبووە .

له سەردەمە زۆر زووەکانیدا کۆمەڵگە مەسیحییەکان ئازاد و سەربەخۆ بوون ، ئاینەکە هێشتان دەزگای دامەزراو و بیرۆکەی هێراڕکی" بەرپرسیاریێتی لەسەرەوە بۆ خوارەوە" ی نەبوو ، لەکاتێکدا کەسایێتی ئاینی" ئایرینیوس –202- 130 " دەیگوت ئەرکی سەرشانی مەسیحیان لەخواترسان و گوێڕایەڵی قەشەکانە ، گرووپ و کۆمەڵی دیکە مشتومڕیان بوو لەسەر فیلۆسۆفیای ئاینەکە . روانگەی جیاواز هەبون وەلێ هیچیان باڵادەست نەبوون . قەشە "پریسکا " لە کۆڕینس لەو بڕوایەدابووە کە مەسیح جاری دووهەم وەک ئافرەتێک دەگەڕێتەوە . کلیمێنت لە ئەسکەندەرییە " 215–150" کە تیۆلۆجیست/ سیۆلۆجیستێکی بەناوبانگ بووە گوتوویێتی( توانا و قەوارەی بڕوابوون/ سپیریتوالێتی ئافرەتان ، هیچ جیاوازیی لەگەڵ ئەوەی پیاواندا نییە .) جێگرەوەکەشی" ئۆڕیجێن" خۆی خەساندووە بۆ ئەوەی ئافرەتانیش بچنە فێرگەکەی . لە سەتەی دووهەم و سێهەمی سەردەمیشدا ، ئافرتی قەشە و نامەبەریش هەبوون . دواتر ئەو کلێسایانە ناونران گنۆستیک Gnostic و وەک بێبڕوا و مولحید ناوزەد کران.......... مێرلن فرێنچ بەرگی یەکەم ل 208

وەک دەرکەوتووە لەو سەردەمەدا زۆر ئافرەت هەبوون بە پاکیزەیی خۆیان راگرتووە و نەیانویستووە شوو بکەن ، هەتا ئێستاش وەلێ بەشێوەیەکی کەمتر ئەو دیاردەیە ماوە . هەڵبەت ئەمە جێگەی تێڕامانە و رەنگە بەلای خوێنەرەوەیەکی سەتەی بیستویەکەوە مەتەڵێک بێت ، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا ، شووکردن؛ ئافرەتی بە تەواوەتی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی مێردەکەیەوە ، دەسەڵاتێکی رەهای وەها کە وەک ئامرازێکی جنسی یان چۆن ویستبێتی ئاوا ژێردەستەکەی خۆی بینیوە . لەو سەردەمەی دنیای مەسیحایێتیدا - ئافرەتان لەتەمەنێکی بچووکدا بەشوودراون و منداڵیان بووە ، بوونەتە ژێردەستەی پیاوی سەرکێش و بێبەزەیی . لەولاشەوە پاکیزەیی؛ وایکردووە ئافرەت جاڕی پیرۆزی و نزیکی لە

خوداوه بدات ، ئەوەش سەرکێشییەک بووه لەو سنوورەی پیاو وەک" خوشک دایک ، ژن" بۆی کێشاوه . لەبەر ئەوەش ئەو پاکیزانه خاوەنی ژیان و بڕوا و تەنی خۆیان بوون . ئالێرەوه دەتوانین بڵێین لەو سەردەمەوه که سیستێمی " نادیتو" لە ئیمپڕاتۆریای بابلیدا لە نێوەندی مەلێنیۆمی دووهەمی پێش سەردەمدا هاته ئاراوه ، بۆ یەکەمجار له سەتەی سێهەمی سەردەمدا بەواتای دوای دوو هەزار ساڵان ئافرەتان پشکی شوونەکردنیان هەبووه . توانیویانه کۆمەڵەی تایبەتی - پاکیزه ، بێوەژن ، ئازاد و کۆیله پێکبهێنن . ( سیستێمی نادیتو لەسەردەمی بابلیەکاندا بەکار هاتووه و له باسی ئیمپڕاتۆریای بابلیدا روونمان کردۆتەوه. وشەی نادیتو مانای بووره/ نەکێڵدراو دەبەخشێت .......... نووسەر.)

پێڕەوکردنی مەسیحایێتی لەلایەن ئافرەتانەوه لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینەکەدا ، قارەمانیێتی بووه ، لەبەر ئەوەی شوونەکردن سەرکێشی بووه لە فەرمانی باوک و دەوڵەت و سزایەکی قورسی لەسەر بووه . زۆر باسی قارەمانیێتی ئافرەتان له سەرگورشتەکانی" ئەپۆکریفاڵ ApocryphalGospels- " دا هاتوون. سەرگورشتەکان باسی هاوکاری ئافرەتان دەکەن لەگەڵ یەکدی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ، مێرد ، خێزان ، سەربازەکانی دەوڵەت ، بەندکردن و بەرەوپیرچوونی مردن لەگەڵ کۆیلەکانی خۆیاندا. ( ئەپۆکریفاڵ بەشێکه لە سەرگورشتەکانی ئینجیل ، بەشێک لە مەسیحییەکانیش بە راستی نازانن و بڕوایان پێی نییه ............ نووسەر.)

مەسیحایێتی لەناو جوولەکه و لەناوچەیەکی ژێردەستەی ئیمپڕاتۆریای رۆمدا بڵاو بووەوه . ئاینی رۆمیش بریتی بوو له دەوڵەت : نەریتی ملکەچی بۆ خوداکانی رۆم ، ئاماژەیەک بوو بۆ دڵسۆزی بۆ دەوڵەت ، ئەوجا لەبەر ئەوەی مەسیحییەکان ، خوداکانی رۆمیان به

خودای راستەقینە نەزانیوە و سەریان بۆ دانەنەواندوون ، رۆمەکان هەوڵیان داوە بە سزا و ئەشکەنجەدانی مەسیحایێتی خامۆش بکەن . لەو هەوڵەشدا دەیان هەزار مەسیحییان کوشتوە کە زۆرینەیان ئافرەت بوون ، بەزۆریش لە گۆڕەپانی تایبەتی یەکدی کوشتندا" ئەرێنا " دا بەرەڵایان کردوون و سەیریان کردوون چۆن ئاژەڵی دڕندە هەپروون هەپروونیان دەکەن .

ئافرەتی سەر بە کۆمەڵگە ئاینییەکان بە ئازادی ژیاون و دووربوون لەو کۆدانەی پیاوان بەسەر ئافرەتانی دیکەیاندا سەپاندووە . ئەو ئازادییەش دڵخۆشکەر نەبووە بۆ ئەو سیستێمە هێراڕکییەی کڵێسەی کە تازە لەسەرهەڵداندابوو . ئەوەی بەزۆری لێی ترساون بزواندنی ئارەزووی جنسی بووە ، پیاوە ئاینییەکان لە ئافرەت ترساون ........ پاشەکشێشیان بۆ دنیایەکی بێ پیاو تۆقێنتر بووە . بەڵام دوای ئەوەی کڵێسە وەک دەزگایەک خۆی دامەزراندوە ، بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت و ئیشوکاری و هەموو ئەو قوربانیانەی داوییێتی پشتگوێ خستووە . کڵێسە تیۆلۆجیا / سیۆلۆجیایەکی ئۆڕسۆدۆکسی هێراڕکی نێرینەیی گرتۆتەبەر . لە داڕشتنی تیۆلۆجییاکەیدا ، کڵێسە شارەزایی و لێهاتویی ئافرەتان و هەر بیرکردنەوە و ئاواتێک کە لە ناخی ئافرەتەوە هەڵقوڵابێت وەلای ناوە . نووسەرە ئۆڕسۆدۆکسەکان رەخنەیان لەو گرووپ و کۆمەڵانە گرتووە کە تێیاندا ئافرەت رۆڵی ئاینییان بینیوە . سیستێمی هێراڕکی –لەسەرەوە بۆ خوارەوەی، بیتشۆپ و قەشە و بەردەستکاری قەشە، لە سەروو خەڵکە سادەکەوە کە پێیان دەگوتن بۆرە پیاو دامەزرا و ، بە بیانووی دەستەیەک بەهای پیرۆزەوە دەسەڵاتێکی رەهایان وەرگرت و ئافرەتیان لە هەموو ماف و پلە و کارێک جگە لەبەردەستایێتی قەشە بێبەری کرد و ، وردە وردە ، ئەوەش" بەردەستایێتی قەشە " شیان پێ رەوا نەبینین. دواتر ئافرەت لە نێو چواردیواری ماڵدا قەتیس کرا .

کۆنستانتین کە بوو بە ئیمپڕاتۆری رۆم سالّی 306 کۆتایی بە کوشتوبڕی مەسیحییەکان هێنا ، ئەویش لەبەر دوو هۆکار ، یەکەمیان ئەوەبوو کە ژمارەی مەسیحییەکان زۆر زۆر بووبوو ، دووهومیشیان ئەوەبوو کە " هێلێنا " ی دایکیشی ببوە مەسیحی . کۆنستانتینی دووهومیش هەرچەندە لە سەرەمەرگدا بوو بە مەسیحی وەلێ پێش مردنی هێندێک هەنگاوی ئۆرتۆدۆکسیانەی نا ، وەک یاساخکردنی یارییە خوێناوییەکان و قوربانی ئاژەڵ ، بنیاتنانی کلێسا ، گیروگرفت خستنە بەر جیابوونەوەی ژنومێرد ، یاساخکردنی کاری سۆزانی و دۆستایێتی بۆ سێکس / راگرتنی قەپاتمە . سزا لەسەر بوونی منداڵی ناشەرعی . هەرچەندە یاساکانی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو ، بەڵام کلێشەیەکی مەسیحیانەی بە ئیمپڕاتۆرییەکە دا و دوای چەند سەتەیەک بیروبۆچوونی مەسیحایێتی دزەی کردە ناو یاساکانی رۆم و ئازادی پیاوی لە بەجێهێشتنی ژندا سنووردار کرد، مافی سۆشیالی و ئابووری" جگە لە مافی سیاسی" هاو وڵاتی بە ئافرەتان بەخشی .

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئاینەکەوە ، لە بڵاوبوونەوە و جێگیربوونیدا ، ئافرەتان رۆڵێکی گرنگیان بینیوە . هێلێنای دایکی کۆنستانتین ، زۆر کلێاسی بنیات نا ، شاری "کۆنستانتینۆپۆلی / ئیستانبووڵی ئێستا " ی درووست کرد کە دوایی بوو بە پێتەختی رۆژهەڵاتی ئیمپڕاتۆریای رۆم . لە بێت لەحەم ژمارەیەک کلێسای بنیات نا و یەکەمین نزرگەی بۆ " مریەم " ی دایکی مەسیح لە نەزارێت درووست کرد . ژمارەیەکی زۆریش لە ئافرەتان لە تەکیدا چوونە سەردانی خاکی پیرۆز - خاکی لەدایکبوونی مەسیح و بەشدارییان لە لێکدانەوەی بیرۆکەی مەسیحایێتی کرد ، خەڵکیان فێری خێرخوازی ئاینەکە کرد. زۆر ئافرەتی دەوڵەمەند سامانەکانیان پێشکەشی کلێسە کرد و خێزانەکانیشیان هێنایە سەر ئاینەکە . ئافرەتانی مەسیحی رێکخراوی تایبەتییان پێکهێنا بۆ بڵاوکردنەوە و

پێشخستنی ئاینەکە . " ماکرینا " ناوێک کۆمەڵەیەکی لە دایک و برا و خزمەتکارەکانی خۆی و خەڵکی دیکە پێکهێنا ، براکەی کە ناوی باسیل بوو ، رێبازی" تاکانە پەرستی گریکی/ یۆنانی" پیادەکرد ، ئیستاش وەک " سانت باسیل" ناسراوە ، بەواتای ئەوەی پیرۆزییەکی ئاسمانی پێ دراوە . وەلێ پرسیار ئەوەیە ، ئایا مەسیحایێتی چۆن پاداشتی ئافرەتانی داوەتەوە؟

## سەردەمی تاک پەرستی

دوای سەتەی یەکەمی سەردەم ، هێرشی جێرمانەکان تینی بۆ ئیمپراتۆریای رۆم هێنا ، چینی نێوەند دوچاری باجێکی زۆر بووبوون ، لەبەر ئەوە ژمارەیەکی زۆری چینی نێوەند رووی کردە کلێسە و بوون بە قەشە و مەنک/ فەقێ ، بۆ ئەوەی باج نەدەن و باش بژین . لادانی ئەو باجە لەسەر ژمارەیەکی زۆری چینی نێوەند پەستێویکی زێدەتری خستە سەر کشتوکاڵکار/ جوتێرەکان و لە ناچاریدا بەشێکی زۆریش لەوان ئەوانیش بوون بە ئاینکار، سەرباز ، دز ، کرێکاری رۆژانە . کێڵگەکان بوونە چۆڵەوانی . ئیدی ئیمپراتۆرییەکە بەرەو رمان دەچوو ، بۆیە کۆنستانتین ناچار بوو پێتەختەکەی لە ساڵی 330 دا بگوێزێتەوە بۆ" کۆنستانتینۆپۆل/ ئیستانبوول". دواتر جێرمانەکان لە ساڵێ 476 دا شاری رۆمایان تالان کرد، ئەوە رۆژەش وەک رۆژی کەوتنی رۆم ناسراوە . لە ساڵی 527 دا،جوستینیان ، بوو بە ئیمپراتۆری رۆم و یاسای رۆمی دارشتەوە، بۆ ئەوەی تیۆدۆرا کە ئافرەتێکی سۆزانی بوو مارە بکات یاسای گۆری و تیۆدۆرای لە بەرێوەبردنی ئیمپراتۆریاکەدا کردە هاودەسەلاتی خۆی . بەشدار لە هەموو فەرمانگە فەرمییەکاندا . پێکەوە هەمواری یاساکانی" رۆم" یان کردەوە بەشێوەیەک لەگەڵ بنەما سەرکییەکانی مەسیحاییێتیدا بگونجێت . پێکەوە زۆر مافیان بۆ ئافرەت گێڕایەوە ، وەک مافی مامەڵەکردن بە سامان و مڵکایێتی خۆیانەوە کە تەمەنیان گەیشتە

بیست و پێنج ساڵ و بەجێشی بهێڵن بۆ هەرکەسێک بیانەوێت ، هەروەها مافی کەسێکی پێگەیشتوو/ بالغ یان هەبێت ئەگەر بە تەنهاش بژین . هاوسەرگیری بوو بە گرێبەست لە نێوان دوو کەسی هۆشیاردا . تیۆدۆرا ویستوویێتی یاریدەی ئافرەتان بدات بەشداری لە چارەنووسی خۆیاندا بکەن ، وەلێ شتەکان وا نەڕۆیشتن وەک ئەو دەیویست.

لە ساڵی 381وە" تیۆدۆسیۆس" ی یەکەم ، ئەنجوومەنی " کۆنستانتین" ی پێکهێنابوو ، ئەو ئەنجوومەنەش جاڕی بیریاری " ترینیتی/ سێ چوکڵەیی" دابوو کە بریتییە لە" باوک و کوڕ و ڕەوانی پیرۆز" ، لە ڕوانگەی ئەو بیریارییەوە ، باوک و کوڕ و ڕەوانی پیرۆز ، لە یەک ماددەن ، هاوسروشتن ، یەک شتن کە ئەویش خودایە . لە ڕاستیدا ئەم بیریارییە ، لە ڕەتکردنەوەی مێیە خودا و دوورخستنەوەی ئافرەت لە پیرۆزیی ، لە میسیۆلۆجیای یۆنانیشی تێپەڕاندووە ، میسیۆلۆجیای یۆنانی خودایەکی نێرینەی خستە سەرو هەموو خوداکانەوە ، وەلێ هێشان جێگەیەکیشی بۆ مێ خوداش هێشتبۆوە. **باوک- خودای مەسیحایێتی وشەی" کوڕەکەی" بەدەمدا دێت و لە ڕێگەی زمانەوە بەبێ بەشداری مێیینە درووستی دەکات. ڕەوانی پیرۆز لە خۆشەویستییەکی دوولایەنەی باوک و کوڕ لەدایک بووە. ئەم درووستکردنە جووتبوونی تێدا نییە، چوونکە جەستە بەشداریی تێدا نەکردووە.** بیریاریی ترینیتی شتێکی زۆر لێڵە لە مەسیحایێتیدا ، بەڵام دوو مەبەستی سەرەکی پێکاوە، یەکەمیان : ئەوەیە کە دنیای فیزیکی تێپەڕاندووە ، ئەوجا کە بوونی فیزیکی کاڵدەبێتەوە یان ڕەتدەکرێتەوە ، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها پاکی و دڵسۆزییە . دووهەمیان : ترینیتی : درووستکەرە بەبێ ئافرەت ، بەبێ جەستە ، بەبێ خوێن بەربوون ، بەبێ سروشت و لەسەروو سروشتیشەوەیە . ئەوجا جێگەی سەرماسین نییە کە لەدوای سەرهەڵدانی ئەو بیریارییەوە ، نەوەیکی زۆری نووسەرانی ئاینەکە خۆزگەیان بوو کە

ئافرەت هەر نەبووایە ، کڵێسە شێوەی پادشانشینی ئاسمانی پێچەوانەوەی ئەوەی زەمین کێشابوو- کڵێسە؛ شایی بۆ ژیانی دوای مردن دەکا ، بەلایەوە مردن وەک ژیانە ، وەلادانی جنس و جەستە و هەروەها دەسەڵات و ئارداری / عەدالەت یەکن - بەواتای ئەوەی پیرۆزیشی دا بە دەسەڵات .

لێرەوە وردە وردە لەلای خەڵکی بووە نەریت کە خواوەند بە هێزێکی نێرینەوە ببەستنەوە بێ ئەوەی هەست بەو " سیمبۆلیزم / هێماگەریی" یە بکەن کە هێناویێتی و وایان لێکداوەتەوە کە مەسیحایێتی وەک ئاینێک ، ئازادی و هاوتایی پێشکەش دەکات . بەتایبەتیش ئافرەتان کە تینووی ئازادی و هاوتایی بوون . لەبەر ئەوەش بوو ئافرەتان چاکیان لەپێناو بڵاوکردنەوەی مەسیحایێتیدا کرد بەلادا . کلۆتیدا/ کلوسیدای شاژنی فرانسا وازی لە مێردەکەی نەهێنا هەتا کردیە مەسیحی . وێنەی ئەو جۆرە ئافرەتانە زۆرن، شاژن بیرتا/ بێرسا، شاژنی ناوچەی کێنت بە نموونە ، هەمیشە لە گەڵ پاپا گریگۆری دا لە پێوەندیدا بووە و لەسەر ئاینەکە پرسیاری لێ کردووە ، هەتا گەیشتۆتە ئەوەی لەسەر بەربوونی خوێنی مانگانەی ئافرەتانیش پرسیاری لێ کردووە . وەلێ ئایا پاپا، وەڵامێکی راستی هەبووە ؟

لە کۆتایی سەدەی چوارهەمدا، ئیمپڕاتۆر، سیۆدۆسیوس مەسیحایێتی کردە ئاینی فەرمی ئیمپڕاتۆریای رۆم ، هەتا ئەو کاتە مەسیحییەکان وەدوور خرابوون لە کاری سیڤیل ، سەربازی و فێرکردن . لە ساڵی529دا جگە لە کڵێسەی مەسیحیان بڕیاری رووخاندنی هەموو جۆرە کڵێسەیەک درا. هەرچەندە یاسای رۆم جووەکانی دەپاراست ، کەچی هەر لەو سەدەیەدا رۆم بڕیاری یاساخکردنی درووستکردنی سیناگۆگ و مارەبڕێی نێوان جوولەکە و ناجوولەکەی دا و دواتریش کاری سیڤیل ، سەربازی ، کاری یاسایی و ... هتد ، یان

لێ یاساخ کردن . بەڵێ دنیا گۆڕا ، ئەوانەی پێشتر نێچیر بوون ، بوون بە راوکەر .

بە گەیشتنی سەتەی شەشەم ، ژیان لە رۆژئاوای ئیمپڕاتۆریای رۆم دا زۆر دژوار بوو بە تایبەتیش بۆ ئافرەتان ، ناوچەکە ببوە پادشاگەری خێڵە جێرمانیکەکان ، پیاوان فرەژنییان رەچاودەکرد و زۆر جارانیش لەگەڵ خزمی نەشیاودا. لەگەڵ ئەوەشدا کە رفاندنی ئافرەت نایاسایی بوو ، پیاوان رەچاوی زۆرەملێ لێکردن ، کوشتن ، یان کوشتنی مێرد و داگیرکردنی ئافرەتان لە بەرەی شەڕدا و بەزۆر مارەکردنیان کردووە . ئاژاوەکان و ئەم کردارە ناڕەوایانەی پیاوان پاڵنەر بوو کەسانێکی زۆر رووبکەنە چۆڵەوانی بۆ ئەوەی لەسەر رێبازی ئاینەکە بڕۆنە رێوە ، لەو بوارەشدا ئافرەتان زیاتر لە پیاوان هاندەر بوون . لە ئەنجامدا لەسەرتاپای رۆژئاوای کۆنە ئیمپڕاتۆریای رۆم دا، لە ئیتالیاوە هەتا باشووری رۆژهەڵاتی ئینگلستان، کۆمەڵگەی ئاینی مەسیحی گەورە و مۆنستێری خاوەن دەسەڵات پەیدا بوون کە لەلایەن سەرەک پەرستگەیەکی ئافرەتەوە" ئابێس abbess"ەوە دەبرانە رێوە. زۆر لەو مۆنستێرانە بوونە خاوەنی زەویوزارێکی زۆر کە هەزاران کەس کاری تێدا دەکرد و بەو هۆیەشەوە زۆر لە ئابێسەکان بوونە کەسایێتی و خاوەن دەسەڵاتی سیاسی*. لە لایەکی دیکەشەوە مۆنستێرەکان، بوونە نێوەندی خوێندن و هۆی پێگەیاندنی سکۆلار و هۆزانڤان و مێژوونووسی سەردەمی رۆم. ئەو دەسەڵاتەی کە لەو سەردەمەدا هێندێک ئافرەت بە توانای خۆیان بەدەسیان هێنابوو، لە دنیای مەسیحایێتیدا، لە ناخی پیاواندارقبونەوەی لە ئافرەت خەستترکردەوە. بەڵام لە راستیدا ئەو رقبوونەوە دڕندەییە لە ئافرەت ریشاڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جودێیا و یۆنان. لە جوودیزم دا، ئافرەت پیاو فریودەدات بۆ بێ تاعەتی، هەر ئەوەش لە مەسیحایێتیدا بە تاوانی گەورە ناوبراوە، لە نەریتی یۆنانیشدا، ئافرەت بووەوەرێکی نزمە و نێرینەیەکی

شـــێواوە. ئەو رقبـــوونەوەیەی بەنـــاوی "پـــاوڵ" وە لە تێســـتامێنتی نـــوێ" ئینجیـــل" دا لە ئافرەتـــان هـــاتووە. بە ئـــافرەت دەڵـــێ: بەبێـــدەنگی فێـــری ملکەچـــی بـــن رێـــگە پێشـــاندەر و دەســـەڵاتدار نەبـــن بەســـەر پیـــاوەوە. هەروەهـــا "پیـــتەر" یـــش دەیەوێـــت ئـــافرەت؛ ملـــکەچ و ســـادە بـــن و خۆیـــان نەڕازێنـــنەوە. ( پیـــتەر و پـــاوڵ، دوو هـــاوەڵێ مەســـیح و دواتـــر نـــامەبەری مەســـیحایێتی بـــوون، ............. نووســـەر.) بەپێـــی بۆچوونەکـــانی" تیمۆســـی و تیتـــوس" کە لە تێســـتامێنتی نوێـــدا هـــاتوون، تەنهـــا پیـــاو بـــۆی هەیە ببێـــتە ســـەرەک قەشـــە/ بیشـــۆپ. هێنـــدێکی دیـــکەش پیـــاو لە پلەیەکـــی بەرزتـــر و کـــارادا دەبیـــنن و ئـــافرەتیش بە نزمتـــر و ناکـــارا/ پاســـیڤ. ( تێرتولیـــان - 220 - 160 Tertullian) کە سیۆلۆجیســـتێکی گەورەی مەســـــــــیحایێتییە و بە دۆزرەوەی مەســـــــــــیحایێتی رۆژئـــــــــــاوی ئیمپڕاتۆریـــای رۆمـــی ئەو کـــاتەیە، بە ئـــافرەت دەڵـــێ **( تـــۆ دەرگـــای هـــاتنەژوورەوەی شـــــەیتانی، تـــۆ کلیلـــــی کـــــردنەوەی ئەو دارە حەرامکـــراوەی. تـــۆ یەکەم پشـــتگوێخەری یاســـای ئاســـمانی. تـــۆ ئەوەی کە ئەوەت رازیکـــرد کە شـــەیتان نەیـــدەوێرا هێرشـــی بکـــاتە ســـەر. تـــۆ وابە ئاســـانی هێمـــای خـــودا- پیـــاوت، شـــکاند. لەســـەر ســـزادانی تـــۆ، کە شایســـتی، کـــوڕی خـــواش پێویســـت بـــوو بمرێـــت.) ....... A History of their own. p 79**

هەرچەنـــدە تێرتولیـــان، لە ســـەرەتاوە وەک زەنـــدیق و لادەر لە ئـــاینەکە ســـەیر دەکـــرا، وەلـــێ لە دواییـــدا بـــوو بە بـــاوکی مەســـیحایێتی دنیـــای لاتینـــی. وەک دەزانـــین مەســـیحایێتی لە رۆژئـــاواوە گەڕایەوە رۆژهـــەڵات و بە دنیـــادا بـــڵاو بـــووەوە. تـــۆ ســـەیرکە ئەو بـــاوەڕە چـــۆن هەمـــو تاوانێـــک کە پیـــاو کردوویێتـــی هەتـــا دەگـــاتە دەرکردنیشـــی لە بەهەشـــت، لە ملـــی ئـــافرەتەوە دەئاڵێنێـــت؟ ئەوجـــا هەمـــوو قەشـــە و فەقێکـــان لەو کـــاتەوە چڵێســـی جنســـی و گەنـــدەڵییەکانی خۆیـــان لە ملـــی ئـــافرەتەوە دەئـــاڵێنن. ئیـــدی نەک دایە حەووا، هەمـــوو ئـــافرت بـــوو بە شـــتێکی پـــیس، هەتـــا کـــار گەیشـــتە ئەوەی کە ئـــافرەت کە خـــوێنی مانگـــانەی هـــات لە کـــۆمەڵگە

دووربخرێتەوە. لە وەڵامی گریگۆریدا، کە دەڵێ" چوونکە خوێنی مانگانە کارێکی بێ تاوانی سروشتییە، پێویست نییە ئافرەت لەو کاتەدا لە کۆمەڵ دووربخرێتەوە" جێرۆمی دەڵێ " هیچ شتێک لە ئافرەتی بە عوزر پیستر نییە، .................. دەست لە هەر شتێکەوە بدات، پیسی دەکات". بە گەیشتنی سەتەی سێهەم ئافرەت بۆی نەبووە لە میحراب نزیک ببێتەوە. لە کۆتایی سەتەی شەشدا، مەسیحایێتیش، ئەو باوەڕەی جوودیزمی هەڵگرتەوە کە پێی وایە؛ زان پیسی لەخۆدەگرێت و دەبێت لە لایەن قەشەیەکەوە پاک بکرێتەوە. ئەو بڕوایە جێگیر بوو کە پیاو گەورەی ئافرەتە، ئافرەت دەبێ بە ئارام بێت، بێ دەنگ، نەرم، تووڕە نەبێت و لەماڵەوە دانیشێت.

کڵێسەی، یۆنانی/ رۆژهەڵاتی و، لاتینی/ رۆژئاویی، لێکدی جیابوونەوە. پاپایەکی رۆم پێویستی بە یاریدەی میلیتاری هەبوو. لەبەر ئەوە لە ساڵی 800 دا، شارڵەمان کە ئەفسەرێکی فرانسایی بوو، کردە، ئیمپڕاتۆری، ئیمپڕاتۆریای پیرۆزی ڕۆم و سەرلەنوێ کڵێسەی لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆیدا رێکخستەوە، بەڵام ئافرەتی لێ وەدەرنا. پیاوە ئاینییەکان دووپاتی گوتەکانی" پاوڵ" یان دەکردەوە کە ئافرەت نابێت رێنمایی پیاو بکات یان دەستی بەسەریدا زاڵ بێت. شارڵەمان، نزیکبوونەوەی جنسی نێر و مێی لە مۆناستێرەکاندا سنووردار کرد، فەرمانی دا راهیب و خوشکان بەجیا بژین. رێگەی لە خوشکانی ئاینی گرت ببنە فێرکاری مندالان. ئیدی هەموو ئیش و کاری کڵێسە درایە دەست" بیشۆپ" ە کان. لە ناوەڕاستی سەتەی یازدەدا، کڵێسە هەوڵی دا چۆک بە فەرمانڕەوا عەلمانییەکان دابدات بەو نیازەی ئەورووپا بخاتە ژێر دەستی خۆی. پاپا" گریگۆری" حەوتەم و" ئوربان" ی دووهەم، هەموو ئەو سەرۆک کڵێسا و دەسەڵاتدارانەی سەر بەوان نەبوون پاککردەوە و ئەو ناوچەیەی ناونرابوو" ئیمپڕاتۆریای پیرۆزی رۆم" بە تەواوی کەوتە ژێر دەستی پاپا. پاپا گریگۆری لە هەوڵەکەیدا بەڵێنی گۆڕانکاری دابوو،

بەتایبەتیش لە ژیانی هاوسەرگیری پیاوە ئاینییەکان/ قەشەکاندا. قەشەکان ژیانی رەبەنییان لا پەسەند نەبوو. لە سەتەی دەهەم دا کە داوایان لێ کرا واز لە هاوسەرگیری بهێنن، قەشەکان بیانوویان ئەوەبوو کە بەبێ هاوسەر برسی و رووتوقووت دەبن. راستییەکەشی هەر وەهابوو، لەو سەردەمەدا ژنە قەشەکان بە رەنجی شانی خۆیان مێردە بێ بەرهەمەکانیانیان بەخێو دەکرد. کەچی سەرباری ئەوەش کڵێسە ژنی قەشەکانی بەوە تاوانبار دەکرد کە پارەی کڵێسە بەفیرۆ دەدەن. لە کۆتاییدا قەشەی کاسۆلیک هاوسەرگیری لێ یاساخ کرا. لەڕاستیدا رێگەگرتن لە هاوسەرگیری قەشەکان، کارێک نەبوو دژی خودی قەشەکان، بەڵکو هەنگاوێک بوو بۆ دوورخستنەوەی ئافرەت لە کاروباری کڵێسە. چوونکە قەشەکان دەستیاندایە پێوەندی لابەلایی لەگەڵ ئافرەتاندا و ئەو ئافرەتانەش وەک هاوسەرێک قەشەکانیان بەخێو کردووە و منداڵیشیان لێیان بووە، بەڵام لەلایەن یاساوە وەک هاوسەر نەناسراوە. هەنگاوی دووهەمی پاککردنەوەی کڵێسە لە ئافرەتان ئەوە بووە کە رێگەی خێرکردن بە پیاوی ئاینی و کڵێسە لە ئافرەتان یاساخ کراوە. سەیر لەوەدایە کە ئافرەتی دەسەڵاتدار هەبوون وەک" بیترس Beatrice ی توسکانی و ماتیڵدای Matilda" کچی پشتگیری پاپایان کردووە. بۆخۆیان کاریان لەسەر کپکردنی دەنگی ئافرەت کردووە لە کڵێسەدا.

ئەو کڵێسایەی ئافرەتان کارێکی زۆریان لە بنیاتنانیدا کردووە و خۆیشیان لەسەر بەکوشت داوە، رێگەی لێ گرتن ببنە ئەندامێکی کارا تێیدا، هەر ئەو کڵێسەیەی لە سەرەتاوە دەیگوت نێر و مێ هاوتان، دواتر گوتی، مەبەست لە دوای مردنە -ئەوەدنیا.

* مۆنستیر، شوێنێکی تایبەتە بۆ ئەو کەسانەی ژیانی خۆیان بۆ پەرستن تەرخان دەکەن رەنگە هاوتای وشەی" دیر" ی عارەبی بێت و " ئابیس" یش هاوتای " راهیب" ە

تێبینی بۆ خوێنەرەوانی بەڕێز: ئەو زانیاریانەی لەم بەشە و بەشی هەشتەمیشدا دەربارەی ئاینە ئاسمانییەکانی "جوولەکایێتی، مەسیحایێتی و ئیسلام " هاتووە بە گۆڕانکاری و کەموزۆرییەوە ، لە وتاری " ئافەرەت لە روانگەی ئاینە ئیسلامییەکاندا" بە دوو بەش بڵاوکراوەتەوە ، لەم زنجیرە وتارەشدا کە دەربارەی مێژووی ئافرەتانە، ناتوانم بەسەریدا باز بدەم .

## سەرچاوە سەرەکییەکان


A History of their own by, Bonnie S. Anderson and Judith P. Zinsser. New York: Harper & Row, 1988

Ancient Civilizations, general editor, Professor Greg Woolf. First publishing.... 2005

A brief guide to Islam. History, faith and politics: The complete introduction, by Paul Grieve. 2006

Big history, from the BIG BANG to the present, by Cynthia Stokes Brown. New York,, NY 2008

Barbara Lesko, the remarkable women of ancient Egypt .........1987

Bernard Batto. Studies on women at Mari Baltimore ,Md: Johns Hopkins University press 1974

Buddhism: The Dhammapada.Edited by, Jaroslav Pelikan. Translated by John Ross Carter and Mahinda Palihawadana 1992

Carol Baker and Angela Fisher, African ceremonies II. New York, Harry N. Abraham Inc ....1999

Chinese women: pest & present, by Easter S. Lee Yao ......... 1983

Hinduism: The Rig Veda. Edited by, Jaroslav Pelikan. Translated by, Ralph T.H. Griffith 1976

Irene Silver blat, Moon, Sun, and Witches ..... 1987

In defense of Atheism, by Michel Onfray, Translated from French by Jeremy Leggat. ... 2007

Women in early imperial China, by Bret Hinsch ..... 2002

Women and Hindu Right. A collection of Essays, edited by, Tanika Sarkar and Urvashi Butalia 1995

Sir William Tarn, Cambridge ancient history vol 10 1970

Smith, Jane I, " Women, Religion, and Social Chang in Early Islam, ed , Y. Haddad and E. Findly.

Albany: State University of New York press, 1985

Sex, Time, and Power, by, Leonard Shlain. How women's sexuality shaped human evolution. 2003

Sarah B. Pomery, women in Hellenistic Egypt. From Alexander to Cleopatra.... 1984

Stern, Gertrude." The first Women Converts in Early Islam" Islamic Culture 1939

The creation of patriarchy, by Gerda Lerner. Oxford University press. ........ 1986

The secret history of Mongol Queens, by Jack Weatherford .............. 2010

Grassroots by Jennifer Baumgartner and Amy Richards …. 2005

George Dorsey, Man's One Sho: Civilization (New York: Harper & Brothers, 1931

Gernot Wilhelm, the Hurrians, translated from German by, Jennifer Barnes 1989

Greek Mythology, by Frederique Viver, Translated by Derek Johnston ... 2004

Australian Desert ………1969 Richard A. Gold, Yiwara: Foragers of

Georg Bancroft, History of the United States of America, From the Discovery of the Continent vol. 1 ............... .1967

Catal Huyuk: A Neolithic Town in Anatolia, by, James Mellaart (New York: McGraw-Hill,…1967)

Marija Gimbutas, Gods and Goddesses of Old Europe (Berkeley: University of California press

…….1974

Michal Dames, the Silbury Treasure (London: Thames and Hudson. …..1976)

Marilyn French, from Eave to Dawn: a history of women…………………………….2002 vol. 1. 2.

1973Anton, Ferdinand, Women in pre-Colombian American. ….................

Anderson, Karen. Commodity Exchange and Subordination: Montagnais-Naskapi and Huron Women, 1600-1650,"………………………………..1986

-Simone De Beauvoir. Second Sex, copyright Alfred, A, Knopf Vintage Book Edition, 1989

Richard B. Lee, Population growth and beginning of sedentary, life among the Kung Bushmen 1972

Marjorie Shustak, Nisa: The life and world of Kung women. Harvard University press 1981

Carol Beckwith and Angela Fisher, African Ceremonies II (New York: Harry N. Abraham Inc. 1999 Robert S .McElvaine. Eve's Seed………………………………………………2001 Mythology, the illustrated anthology of world myth and storytelling, general editor, C Scott Littleton ….. 2002.

Encyclopedia of the ancient Greek world, David Sacks, revised edition by Lisa R. Brody ….2005

On becoming human. Nancy Makepeace Tanner, Cambridge University Press........ 1981

Political and social life in the great age of Athens, edited by John and Kitty Chisholm. Open Univerty.1978.

All you need to know, from Zeus's Throne to the Fall of Rome, by Caroline Taggart.Michael O' Mara Books Limited 2010.

Keuls Eva C.The reign of the phallus: Sexual politics in Ancient Athens. New York: Harper & Row, 1986